سەرۆك وەزیران قەناغی دووەمی پرۆژەی گۆڕەی ئاوەڕۆی حلەی ڕاگەیاند

ئەمە پینجشەممە سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ڕەنمایییەکانی سەبارەت بە جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاوەڕۆی گۆڕەی حلە دەرکرد، هاوکات جەختی لەسەر پابەندبوون بە تایبەتمەندییە ئەندازیارییەکان و کارکردنی ٢٤ کاتژمێر لە ڕۆژکدا بە چەندین شفتی کارکردنەوە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە " محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران ، پاکێجێك پرۆژەی خزمەتگوزاری نوێ لە پارێزگای بابل ڕادەگەیەنێت، بە بڕەی (1,276,740,000,000) دینار، ئەمەش لە میانەی سەردانەکەی ئەمڕۆی پێنجشەممەدا بە پارێزگاکە".

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە ڕەنمایەکە لەچەند خاڵێك خۆی بینیەوە، لەوانەیش پرۆژە یەکخراوەکان بە ئاوەڕۆ و ئاوی باران لە (هەردوو قەزای قاسم و هاشمیە و ناحیەی مەدحەتیە)، بە کۆی گشتی بڕی (364،500،000،000) دینار ، هەروەها پرۆژەیەکی یەکخراو بە تەڵەکانی ئاوەڕۆ و ئاوی باران بە قەزای کفل بە بڕی 134.2 ملیار دینار ، و ڕێگایەك کە ڕێگای خەرا (بەسرە - بەغدا) بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لە ڕێگەی ناحیەی ئیمام - عەنانە - بە ئەلئیبراهیمیە لە قەزای هیندییە، بە تێچووی 320 ملیار دینار".

لە راگەیندراوەکە ئەویش هاتووە کە "بەڕێوەبردن و کارپێکردنی نەخۆشخانەی ئیمام سادق (سەلامی خوای لێبێت) لەلایەن کەمپانیایەکی بیانی تایبەتمەندەوە بە بڕی 60 ملیۆن دۆلار، ڕەوانەکردنی پەژۆی ئاوەڕۆی حلەی گەورە/ قەناغی دووەم بە جێبەجێکردن بە تێچووی 287 ملیۆن دۆلار".